# ئەدەب و کولتوور
## ڕووداو

# جەلیل کاکەوەیس ڕۆمانێکی ئەلیف شەفەق دەکاتە کوردی

■ ئا: سیروان عەباس

نووسەر و وەرگێڕ جەلیل کاکەوەیس، ڕۆمانێکی نووسەری تورک ئەلیف شەفەق وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی. کتێبەکە ئێستا چاپکراوە و لە داهاتوویەکی نزیکدا بڵاودەکرێتەوە.

جەلیل کاکەوەیس بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ساڵی 2017 ڕۆمانی (کوڕەی شەیدا و مامۆستاکەی) نووسەری تورک ئەلیف شەفەقم کردە کوردی و ئەمساڵ لە تاران چاپکرا کە لە 500 لاپەڕە پێکهاتووە".

کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە مێرمنداڵێکە بەناوی جیهان. جەلیل کاکەوەیس گوتی "ڕۆمانەکە باس لە دوو کولتووری جیاواز دەکات، مێرمنداڵێک لە هیندستانەوە دەچێتە تورکیای سەردەمی عوسمانی و لەوێ عاشقی مامۆستایەکی خۆی دەبێت کە ئەندازیارێکی تەلارسازییە، جیهان بەهۆی ئەمەوە تاوەکو لە تەمەنی 80 ساڵیدا دەگەڕێتەوە هیندستان، هاوسەرگیری ناکات".

جەلیل کاکەوەیس لەدایکبووی ساڵی 1948ی کەرکووکە، ساڵی 1974 بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە و تاوەکو ئێستا 27 کتێبی نووسیوە و وەرگێڕاوە.








# شیعری شاعیرانی کورد بە یۆنانی بڵاودەکرێتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

کتێبێکی شیعری بەناوی "شاعیرە کوردە مۆدێرنەکان" کە دەقی 18 شاعیری کورد لەخۆدەگرێت، بە زمانی یۆنانی چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەم بەرهەمە شیعرییە لە ئەسینای پایتەختی یۆنان چاپکراوە و هەر لەوێش بڵاوکراوەتەوە.

وەرگێڕی دەقە شیعرییە کوردییەکان بۆ زمانی یۆنانی، جەمیل تۆران، نووسەر و وەرگێڕی باکووری کوردستانە.

ئەم بەرهەمە شیعرییە وەرگێڕدراوە، دەقی شیعری شاعیرانی هەر چوار پارچەی کوردستان لەخۆدەگرێت. لەم بەرهەمەدا بەرهەمی شیعری جگەرخوین، شێرکۆ بێکەس، ئەحمەد عارف، ڕابوون بەلەنگاز، مارف عومەرگوڵ، لەتیف هەڵمەت، ئادار ژیان، ئازاد دڵزار، ڕەفیق سابیر، عەبدوڵڵا پەشێو، محەممەد هاکی و فەرهاد شاکەلی و چەند شاعیرێکی دیکەی تێدایە. یەکێک لە دەقە شیعرییەکانی نێو ئەم بەرهەمە، شیعری شاعیر قاسم شێروانییە بەناوی "گوڵێک لە باخچەی ئەفرۆدێت". شاعیر ئەم دەقەی لە ساڵی 2005 لە یۆنان و هەولێر نووسیوە و جگە لە زمانی یۆنانی، بۆ زمانی عەرەبی و ئینگلیزیش وەرگێڕدراوە.

جەمیل تۆران، لە ساڵی 1984ـەوە لە یۆنان ژیان بەسەردەبات و زیاتر وەک ڕۆماننووسێک ناسراوە و پێنج ڕۆمانی بە زمانی یۆنانی چاپ و بڵاوکراونەتەوە.



# "دەرگاکانیش هیلاکن" چاپ و بڵاودەکرێتەوە




■ ئا: سیروان عەباس

کۆمەڵە چیرۆکی "دەرگاکانیش هیلاکن" چاپ و بڵاودەکرێتەوە کە لەلایەن ئارام شێخ وەسانییەوە نووسراوە.

ئارام شێخ وەسانی بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کتێبەکە لە 10 چیرۆک پێکهاتووە و لە توێی کتێبێکی 144 لاپەڕەیی چاپکراوە و لە داهاتوویەکی نزیکدا بڵاودەکرێتەوە".

سەبارەت بە ناوەڕۆکی چیرۆکەکانیش ئارام شێخ وەسانی گوتی: "پەیامێکی هاوبەش و مرۆڤانە لە پشت چیرۆکەکانەوەیە، بە گشتیی گێڕانەوە و دایەلۆگ لە خزمەت پرس و باسێکی تراژیدیدایە، پرسیار و شێوازی ژیانی ئەو منداڵ و ئافرەتانەی کە لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکان مانەوە و لە دۆزەخی جەستە و ئازارەوە کەوتنە ناو دۆزەخی ئەندێشە و بیرەوەری. لەم چیرۆکانەدا جەختکراوەتەوە لەسەر دیوێکی ژیانی خەڵکی فەرامۆشکراو، خەڵکێک کە بەهۆی هاونیشتیمانییە خوێنمژەکانەوە کەوتوونەتە پەراوێزەوە و هەموو ڕۆژێک چەندجار دەمرن". ئارام شێخ وەسانی ساڵی 1985 لە هەولێر لەدایکبووە و بەشی ئینگلیزی لە زانکۆی دهۆک تەواو کردووە. ساڵی 2013 بە چیرۆکی (دزگیرانی گۆڕستان) لە فێستیڤاڵی هەتاو بۆ ئەدەبی گەنجان، خەڵاتی دووەمی چیرۆکی وەرگرت و ساڵی 2014ش بە چیرۆکی (زمانی دیوار) خەڵاتی یەکەمی فێستیڤاڵی گەلاوێژی وەرگرت، تاوەکو ئێستا دەیان چیرۆکی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردوونەتەوە و خاوەنی 5 کتێبە.

# مەرگی ڕەخنەگر

◄ حەمە مەنتک



لە سەرەتای پەیدابوونی مێتۆدی بونیادگەریدا، چەمکێکی تازە دێتە ناو بواری ڕەخنەی ئەدەبییەوە، ئەویش چەمکی (مەرگی نووسەر)ە. (ڕۆلان بارت) بە داهێنەری ئەم چەمکە دادەنرێت. ئەم تیۆریزانە بەم چەمکە ڕووبەڕووی ڕەخنەگرانی پێش خۆی بووەوە. ئەو ڕای وابوو کە بۆ هەڵێنجانی واتای دەق چیدی نابێ بۆ ژیانی نووسەر بگەڕێینەوە، بەڵکوو دەبێ ڕوو لە خودی دەق بکەین. لێرەدا دەق دەبێتە ناوەندی توێژینەوە. لێرەوەیە مەرگی نووسەر ڕادەگەیەنرێت.

ئەوەی ئێستا لە توێژینەوەی ڕەخنەییدا دێتە پێشەوە، چەمکێکی تازەیە بە ناوی (مەرگی ڕەخنەگر). ئەم چەمکە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کتێبی (مەرگی ڕەخنەگر)ی (ڕۆنان ماکدۆناڵد) بڵاودەبێتەوە. ئاشکرایە ڕەخنە کۆمەکی باشی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی دەکات. ئەم ناونیشانە ڕاستە وەکوو ناونیشانێکی گشتی دەردەکەوێت، بەڵام نووسەر پتر مەبەستی ڕەخنەی ئەکادیمییە. ئەم نووسەر و ڕەخنەگرە باس لە نائامادەیی ڕەخنەی ئەکادیمی لە مەیدانی توێژینەوەی ئەدەبیدا دەکات. بە شێوەیەک لاپەڕەی ڕۆژنامەکان جێی ئەم جۆرە ڕەخنەیەیان گرتووەتەوە. بۆیەش (ماکدۆناڵد) دەڵێت: «سوپایەک لەو کەسانەی بەردەوام مەیلیان بۆ لاپەڕەی ئەدەب و هونەر لە ڕۆژنامەکاندا هەیە. هاوکات ئەم بەرپەرچدانەوە ڕەخنەییە تەنێ لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا قەتیس نییە، بەڵکوو لەم ساڵانەی دواییدا خوێندنەوە و کتێب داواکردن لە ئینتەرنێت زۆر بڵاوە. کۆمپانیای ئەمازۆن هانی خەڵک دەدات سەرنجی خۆیان لەبارەی ئەو کتێبانەی لەوێدا دانراون بنووسن». [ماکدونالد، 2014، ص24] نووسەر مەبەستی لەم چەمکە ئەوەیە ڕەخنە خەریکە جەوهەر و ئەرکی خۆی لەدەست دەدات، بەوەی هەموو کەسێک بواری ئەوەی هەیە بۆچوونی خۆی دەربڕێت. ئەم بۆچوونانە دەکرێ لە چوارچێوەی سەرنجدا هەژماریان بکەین، بەڵام ناکرێ وەکوو ڕەخنەیەکی ئەکادیمی تەماشایان بکەین. دیارە مەبەستی من لە چەمکی ڕەخنەی ئەکادیمی بەو واتایەی لە زانکۆکانی کوردستان هەیە، نییە، بەڵکوو بەو تێگەیشتنەی لە ئەورووپا هەیە. ئەگەر لە تێڕوانینی ئەم نووسەرەوە لە بارودۆخی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بنۆڕین، ئەوا ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستان پشکی شێریان لە مەرگی ڕەخنە و ڕەخنەگر بەردەکەوێت. ئەو توێژینەوانەی بە ناوی نامەی ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆکانی کوردستان لە ئەدەبیاتدا دەنووسرێن، زۆربەیان هێندە لاوازن، هێندە سواو و سادەن، هیچ زیادەیەک ناخەنە سەر خەرمانی ڕۆشنبیریی خوێنەر. ئەمە هەمان ئەو دەردەیە کە (ماکدۆناڵد) باسی دەکات و دەڵێت دەسەڵاتی ئەکادیمی لە ڕۆشنبیریی خەڵکدا خەریکە هەرەس دەهێنێت. ئەرکی ناوەندە ئەکادیمییەکان بەرهەمهێنان و وەبەرهێنانی ڕۆشنبیرییە. بۆیەش ئێستا ئێمە بە دەست خوێنەرگەلێکی ناپسپۆڕەوە دەناڵێنین. خوێنەرانێک لە بوارەکەدا پسپۆڕ نین، کەچی سەرنج بەناوی ڕەخنەوە دەنووسن. ئەم نووسەرە پێمان دەڵێت، ڕەخنەگر دەبێت کەسێکی پسپۆڕ بێت، خاوەن تێز و تێڕوانین بێت. بە بڕوای ئەو ڕەخنەی ئەکادیمی لەسەر بەها و نرخ وەستاوە، ئێستا ڕۆڵ و تێکۆشانی ئەم ڕەخنەیە لە پاشەکشەدایە، بەوەی ڕەخنەی ڕۆشنبیری لە برەودایە. کاتێک گوتمان خوێنەری پسپۆڕ، مەبەستمان ئەو خوێنەرانەیە کە لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا وەکوو پسپۆڕ کاردەکەن. خوێنەرانی ناپسپۆڕ هەمیشە تینوون بەو بۆچوونانەی ڕەخنەگر دەیاننووسێت. بۆیەش هەموو ئەوانەی بەناوی توێژینەوەی ڕۆشنبیرییەوە (بە بۆچوونی نووسەر) دەنووسرێن، هەوڵێکن بۆ هەرەسهێنانی ڕەخنەی ئەدەبی، لەوێدا بەهای ئەدەبی و تێڕوانینی ئێستاتیکی لە دەقەکاندا نامێنێت. لەم کتێبەدا نووسەر گرنگیی زۆر بە بەها و تیۆری ئەدەبی دەدات، بەتایبەتی لە ئەفلاتوونەوە تا پێش قۆناغی توێژینەوەی ڕۆشنبیری. بۆ نموونە ئەو تیۆرەی (کانت) لەبارەی بەهای جوانیناسییەوە پێشکەشی دەکات (ل 75). بۆیەش ڕەخنەگری پسپۆڕ بە مەعریفەیەکی فراوانەوە بەها و نرخی دەق بە شێوەیەکی کۆنکرێت و ورد دیاری دەکات. ئەم کتێبە کار لە ناوەڕۆکی ڕۆشنبیری و ئەکادیمیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات، بەوەی ڕۆڵی ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری لەسەر خەڵک چییە؟

ڕەخنەی ئەدەبی لە ساڵانی چل و پەنجا و شەستی سەتەی ڕابردوودا، لە چوارچێوەی بۆچوونگەلی ئەکادیمی و پسپۆڕیدا خۆی دەبینییەوە، دواتر بۆ بۆچوونی تاکەکەسی ناپسپۆڕ گۆڕا و بەهای ڕەخنەیان قۆرخ کرد. کێشەکە لەوەدایە ڕەخنەگری ئەکادیمی نەک هەر جێی خۆی چۆڵ کردووە، بەڵکوو کۆی ئەو شتانەی پێوەندی بەوەوە هەیە جێیهێشتوون. بەمەش ماوە و بەینێکی لە نێوان خۆی و ئەو خوێنەرانەی تینووی بۆچوونەکانی ئەوانن، دروست کردووە. بۆیەش ئەم کارەی بۆ ڕەخنەگری ڕۆژنامەوان و ناپسپۆڕ جێهێشتووە. هاوکات بۆ هێندێ پێشکەشکاری بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان کە بڕیارەکانیان کاریگەرییان لەسەر چێژی خوێنەر هەیە. بێگومان ڕەخنەگر کەسێکە لە قسەکردن و ناسینەوەی شێوەکانی ئەدەب لە ئێمە شارەزاترە، هاوکات بۆچوونەکانیشی جێی بایەخن و بە هەند وەردەگیرێن. هێندێ پرسیاری جەوهەری لەم کتێبەدا هەن دەبێ بخرێنەڕوو: ئایا بەها و نرخی ئەدەبی بە بڕیاردانی ئێمەوە بەندە، بەوەی کام دەقمان پێ جوانە و کاممان پێ خراپە ؟ دەکرێ ئێمە بڕیار لەسەر بەهای هونەریی دەق بە پشتبەستن بە پێوەرە بابەتی و دەرەکییەکان بدەین؟ (ماکدۆناڵد) وەڕامی ئەم پرسیارانەمان لەناو کتێبەکەیدا دەداتەوە. هاوکات خەمی ئەوەیەتی کە ڕەخنەگران تا نیوەی سەتەی بیستەم وەکوو مامۆستای زانکۆ لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا کاریان دەکرد، هاوکات کتێبیان دەنووسی و کتێبەکانیان ئاراستەی خوێنەرانی نائەکادیمی دەکرد و کاریگەریی گەورەیان لەسەر بەرهەمهێنانی تێزی ڕەخنەیی ئەدەبی هەبوو، بەڵام ئێستا نموونەی ئەو کەسانە زۆر کەمن، زۆر کەم لە واقیعی ڕۆشنبیریی ئێستادا ئامادەییان هەیە. لە بەشی سێیەمی کتێبەکەیدا زۆر بە جوانی کاری لەسەر گەشەی ڕەخنەی ئەدەبی لە زانکۆکان و دەرەوەی زانکۆکان لە سەتەی بیست کردووە. بۆیەش ڕەخنەی ئەکادیمی ئەوکات وەکوو کێڵگە و ناوەندێک لە ناوەندە مەعریفییەکان ڕۆڵی هەبووە.

لێرەوە دەمەوێ بڵێم، ئەوەی ئێستا لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستاندا دەگوزەرێ، ڕۆڵی لە کوشتنی بیرکردنەوەی قوتابیدا هەیە، چونکە زۆربەی ئەوانەی بەناوی مامۆستای زانکۆوە خەریکن ڕۆڵی کەسانی ئەکادیمی دەبینن، وەکوو شوێنی نان پەیداکردن و کاسبی هاتوونەتە ناو زانکۆ. زۆربەیان حیزب بۆ مەرامی خۆی فڕێیداونەتە ئەوێ، هاوکات بۆ وەرگرتنی مووچەی باش و زەوی لەوێ کار دەکەن. لێرەوە دەبێ سپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەین کە لە دەرەوەی زانکۆکان خەمی ئەدەب و ڕەخنەی کوردییان بووە و هەوڵیان داوە. ئەوەی لە ناو ئەدەبی کوردی بە ناوی ڕەخنەوە دەخرێتە بازاڕەوە نە ڕەخنەی ئەکادیمییە بە واتا ماکدۆناڵدییەکەی و نە ڕەخنەی نائەکادیمییە.

ئەوەی لە ناوەوە و دەرەوەی ئەکادیمیا ڕوودەدات، بۆچوون و سەرنجن، پێوەندییان بە چێژی تاکەکەسییەوە هەیە، ئەمە ڕاگەیاندنی مەرگی ڕەخنەگرە. ڕەخنەگر پێشان ڕۆڵێکی گرینگی لە مێژوو، هونەر و ئەدەبیاتدا هەبوو، بەڵام ئێستا بە هۆی بوونی شوێنی وەکوو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لاپەڕەی پاشکۆ ئەدەبییەکان بۆ کەسانێک کە پسپۆڕ نین لەو بوارەدا، ڕەخنەگر ئەو ڕۆڵەی زۆر کز بووە. کەواتە ئەوەی جارێ مەرگی دەدرێت، ڕەخنەگرە نوخبەکەیە، کە کاریگەری لەسەر ڕەوتی مەعریفە و چۆنیەتی بەرهەمهێنانی تێز هەیە. کەسانێکی دیکە جێی دەگرنەوە کە تەنێ خەریکی سەرنجنووسینن، سەرنجەکانیشیان بە مەعریفە و تێز پشتئەستوور نییە. ئەگەر ئەمە بۆ ئەدەبیاتی ئەورووپی و ئەمریکی (لە دیدی ماکدۆناڵد)ەوە ڕاست بێت، ئەوا بۆ ئەدەبیاتی کوردی بە دووسەر زەرەرە، چونکە ئێمە تاکوو ئێستا لەناو ئەو ناوەندانەی بە ئەکادیمیا دادەنرێن (هێندەی من ئاگادار بم) ڕەخنەگری پسپۆڕمان نەبووە، ئەوەی هەبووە لە دەرەوەی ئەکادیمیا بووە. ئەوەی ئێستاش بەسەر ڕەخنەی کوردییەوە زاڵە ئەو هەراو دەنگەیە بەناوی ڕەخنەوە بڵاو دەکرێنەوە کە زۆربەیان بنەمایەکی تیۆرییان نییە، تەنێ لە چوارچێوەی سەرنج تێپەڕ ناکەن.

**سەرچاوە:**

• **ماكدونالد (رونان)، 2014، موت الناقد، ترجمة: فخري صالح، المركز القومي للترجمة، القاهرة.**



# شانۆنامەی

# "ژنان بە ڕیز، پیاوان بە ڕیز"

◄ هێمن ئەمینی

**"دیمەنی یەکەم"**

شوێن بیابانێکی دوور لە شارە. کات دەمەو ئێوارەیە. کۆمەڵە خەڵکێکی جلوبەرگ شڕ و دڕاو دوابەدوای یەک بەپێی باڵایان لە باڵابەرز بۆ کورتەباڵا ڕیز کراون. ژنەکان بە جیا و پیاوەکانیش بە جیا بەرانبەر یەک ڕاوەستاون. کەس لەگەڵ کەس قسە ناکات تا کاتێک منداڵێک لە کۆتایی ڕیزی پیاوان و منداڵێکی تر لە ڕیزی ژنانەوە دەست دەکەنە گریان.

لەناکاو تەپوتۆزێک هەڵدەستێت و ڕووناکی کەم دەبێتەوە.
منداڵەکان دیسان هاوار دەکەن. منداڵی ڕیزی پیاوان هاوار لە باوکی دەکات کە لە ڕیزی پێشەوەیە. منداڵی ڕیزی ژنانیش هاوار لە دایکی دەکات کە لە پێشەوە ماندوو و ترس لێنیشتوو ڕاوەستاوە.
تەپوتۆزەکە تەواو دەبێت.
هەر دوو منداڵە بچکۆلەکە لە ڕیزەکە دێنە دەر و بەرەو لای دایک و باوکیان هەڵدێن. دایک و باوکیشیان ئاگایان لەوان نییە. بە مەودای دە مەتر دووری لە دایک و باوکیان کتوپڕ دەکەونە نێو چاڵێک.

تەپوتۆزەکە دەستپێدەکاتەوە و خۆڵ سەری ئەو دوو منداڵە دادەپۆشێت. هەموویان دەکەونە کۆخەکۆخ. ژنەکان بە لەچکەکانیان، پیاوەکانیش بە جامانە و پشتوێنەکانیان بەر دەمولووتیان دەگرن.

تەپوتۆزەکە تەواو دەبێت.

دوابەدوای ئەوەی ئەو دوو منداڵە لە ڕیزەکە هاتنە دەر، دوو منداڵی تر هاوار بۆ دایک و باوکیان دەکەن کە بە هاواریانەوە بێن، بەڵام وەڵامیان نادەنەوە.
گێژەڵووکەیەک هەڵدەکات.
کچ و کوڕە بچکۆلەکە لە ڕیزەکەی خۆیان دێنە دەر. دەکەونە نێو جەغزی سووڕێنەری گێژەڵووکەکە و دەسووڕێنەوە.
گێژەڵووکە تەواو دەبێت.

هەردووکیان لارەلار و بێ ئامانج بەملاولادا دەڕۆن. دەکەونە نێو چاڵێک کە بۆیان هەڵکەندوون. پڕ بە قەبارەی خۆیانە.

تەپۆتۆز هەڵدەکاتەوە.

خۆڵ جێگاکەیان پڕ دەکات.
هەر بەم شێوەیە منداڵەکانی تر دوابەدوای یەک هاوار دەکەن و...

**"دیمەنی دووەم"**

شوێن هەر ئەو شوێنەیە. بەڵام کات نیوەشەوە. کەشوهەوا ساردە و مانگەشەو لە پشت هەورەکانە.
ژن و پیاوەکان هەر بەو شێوەیە لە بەرانبەر یەک بێدەنگ و دڕدۆنگ ڕاوەستاون. هیچ منداڵێک نەماوە تا هاوار بۆ دایک و باوکی خۆی ببات.
لە دوورەوە و بەحاڵ ڕووناکیی گڵۆپی سەر شەقامەکانی نێو شار شەوق دەداتەوە.
تا دەڕوا هەوا ساردتر دەبێت. ژن و پیاوەکان برسی و تینوویانە و زۆرتر لە پێشوو دەلەرزێن.
پاش چەند خولەکێک مانگەشەو دەردەکەوێت. پیاوەکان زاتیان دەشکێت و دەست دەکەن بە هاوار و داد. دەنگێکی بەرز دایاندەچڵەکێنێت. بێدەنگ دەبن. پاش چەند چرکەیەک ئەمریان پێدەکرێ کە هەر کام لە پیاوەکان لە شوێنی خۆیان دوای کەسی بەرانبەری، ناوی خۆی بەرز بڵێ. بە ڕیز و پڕ بەخۆیان هاوار دەکەن: "ئەحمەد یاسین، شاهۆ محەمەد، فەرمان قادر، کاوە سەلیم، ئەبووبەکر موسلیم، ڕێباز کەمال، سەردار شێخان، کامەران خالید، خەبات چۆمان."
تا نۆ جار ئەم کارە دووپات دەکەنەوە و هەر جارەی هێزی دەنگهەڵێنانیان کەمتر دەبێتەوە.
وڵات تاریک دەبێتەوە و بێدەنگی وڵات دادەگرێ.

ژنەکان خۆیان ناگرن و هەر هەموویان لە ڕیزەکەیان دێنە دەر. دەنگێکی بەسام دایاندەچڵەکێنێ و بێدەنگ دەبن. دیسان زوو ڕیز دەبەستن و پاش چەند چرکەیەک ئەمریان پێدەکرێ هەر کەسێک لە شوێنی خۆی دوای کەسی بەرانبەری ناوی خۆی بەرز بڵێ. بەڕیز هاوار دەکەن.
ئەوانیش تا نۆ جار ئەم کارە دووپات دەکەنەوە و هەر جارەی هێزی دەنگ هەڵێنانیان کەمتر دەبێت.
وڵات تاریک دەبێتەوە و بێدەنگی وڵات دادەگرێ.
عەرزی بەر پێیان بەجووڵە دەکەوێ. دەنگی گریانی منداڵە نێژراوەکان، جەماعەتی ڕاوەستاو بەخۆ دێنێتەوە. تا دەڕوا هاوار و گریانی منداڵەکان زۆرتر دەبێت.
تریفەی مانگەشەو وڵات ڕووناک دەکاتەوە.
هەر ژن و پیاوێک بەرەو شوێنێک کە دەڵێی پێشتر بۆیان دیاریکراوە هەڵدێن. لە پەنای یەک ڕادەوەستن. چاویان بڕیوەتە عەرزی بەر پێی خۆیان و زۆر ناخایەنێت بە دەستیان عەرزەکە هەڵدەکەنن. هەڵمێکی سوور لە خۆڵەکە هەڵدەستێت. کوڕ و کچەکانیان دەبینن. چاویان پڕ بووە لە خۆڵ. منداڵەکان لە گریان دەکەون. دایک و باوکیان خۆیان فڕێدەدەن کە دەریانبهێنن و تەپۆتۆزێکی ناوەخت دەستپێدەکات.
تریفەی مانگەشەو نامێنێ و خاک و خۆڵی بیابانەکە دەچێتە نێو هەموو ئەو چاڵانەی کە پێشتر بۆیان هەڵکەندبوون.

**تێبینی:**
لەم جۆرە شانۆنامەیەدا لە باتی پشتبەستن بە دیالۆگ، نووسەر لە ڕێگای ڕستەی هەواڵیی سادەوە کە هەمان بنەما و ڕێوشوێنی سەرەکیی شانۆکە پێکدێنن، پەیامی سەرەکیی چیرۆکەکە دەگوازێتەوە بۆ خوێنەر و بینەر. نووسین و نمایشکردنی ئەمجۆرە شانۆیە زۆر باو نییە، بەڵام چەندین نووسەری دەرکەوتووی جیهانی بەرهەمی لەو جۆرەیان هەیە. وەک دیارترین نموونە دەتوانین ئاماژە بکەین بە ساموئێل بێکێت، نووسەری بەناوبانگی ئێرلەندی، هارۆڵد پینتێری بەریتانی و غولامحوسێن ساعیدی نووسەری ئێرانی.



# بگەڕێوە یەزدانشێر،
# بۆتان دارما

◄ ئاسۆ مامزادە



**گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک**
**ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک**
**رۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی**
**هەمیا ژ مە را دکر غولامی**
**تەکمیل دکر مە دین و دەولەت**
**تەحسیل دکر مە عیلم و حیکمەت**

ئەم دێڕانە بەشێکن لە گازندەکانی باوکی ناسیۆنالیزمی کورد و رووی لە سەرۆک هۆز و میرەکانی کوردستانی ئەوکاتە لە هەمبەر یەکنەگرتن و ناکۆکییەکانیان، کە بەردەوام هۆکاری دۆڕانیان بووە بەرامبەر بێگانە و داگیرکەرانی کوردستان. ئەحمەدی خانی (1651–1707) خولقێنەری یەکێک لە شاکارە مەزنەکانی ئەدەبی کوردی (مەم و زین)، هەر لە دیباچەکەیدا بە تێر و تەسەلی و لە قاڵبی هۆنراوەدا ئەو گازندانەی گەیاندووەتە میرەکانی ئەوسای کوردستان، بەتایبەتی میرانی بۆتان، چونکە بۆخۆی لە جزیرە ژیاوە کە پایتەختی میرنشینی بۆتان بووە.

سەدەیەک پاش کۆچی دوایی خانی، میرێکی بەهەیبەت و ژیر و دلێر لەسەر تەختی پاشایەتیی بۆتان دادەنیشێ و بە لێدانی مۆری شاهانە لەسەر (پەیمانی پیرۆز) زۆربەی میرنشینەکان و هۆزەکانی دەوروبەری ڕێکدەخاتەوە و خۆی ئامادە دەکات بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان.

بەدرخان، میری جێنشینی بۆتان، بە قەولی دەیڤد مەک داوڵ، شکۆمەندترین کەسایەتی ناو خێزانێکی پڕ شکۆ، ساڵی 1821 پاش نەمانی باوکی و لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا، لەسەر تەختی شاهانەی بۆتان لە کۆشکی (بورجابەلەک) لە جزیرە دادەنیشێت. جزیرە لەبەر هەڵکەوتە جوگرافیەکەی ڕۆڵێکی گرینگی لە مێژووی فەرهەنگی، ئابووری و سیاسیی گەلی کوردا گێڕاوە، چونکە کەوتبووە سەر ڕێگای ئەنادۆڵ بۆ مێزۆپۆتامیا و ڕۆژهەڵاتی شانشینە کەوناراکانی هووری و میتانی (سووریەی ئەمڕۆ)، میرانی بۆتان لە رەچەڵەکی پاشاکانی (ئازیزان) بوون. هەروەها سەرۆکایەتی یەکێک لە گەورەترین هۆزەکانی کوردستانیان دەکرد، (بوختییەکان)،میر شەرەفخانی بتلیسی لە شەرەفنامەدا شوێنپێیانی تا سەدەی چواردەی زاینی هەڵگرتووە. میرنشینی بۆتان بە بەردەوامی دەربارێکی ڕازاوە و پڕشکۆ و پڕ جموجۆڵ بووە و بێجگە لە سەردەمی داگیرکاریی تەیموور و ئاق قویونلوو، بە بەردەوامی حوکمیان کردووە.

میر بەدرخان بەر لە هەر کارێک، شەڕکەرترین و دلێرترین عەشیرەتەکانی میرنشینەکەی لە هەیبەتی سوپایەکی بەهێز و بە دیسیپلیندا ڕێکخستەوە و پاشان لەگەڵ میرانی دراوسێی وەک نوروڵڵا بەگ، میری (هەکاری) و مەحموود خان، میری (موکس و وان) پەیوەندییەکی برایانە و بەهێزی دروست کرد.

ساڵی 1839 هەلێکی زێڕین بۆ بەدرخان هەڵکەوت، هێزەکانی برایم پاشای میسر لە شەڕی نوسەیبین هێزەکانی عوسمانی تەفروتونا دەکەن و ئەمەش دەرفەتێکی باش دەبێ بۆ میر کە سنووری دەسەڵاتەکەی بەرفراوانتر بکات، بە رادەیەک کە تا کۆتایی ساڵی 1840، لە سنوورەکانی ئێران و دەریاچەی وان و دیاربەکرەوە تا مووسڵی دەگرتەوە، پاشان بەگەکانی قارس و میرنشینی ئەردەڵانیشی کردە هاوپەیمانی خۆی.

لاوازبوونی میرنشینەکانی سۆران و بادینان و میرانی هەکارییش دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی بێ وروژاندنی دەوڵەتی عوسمانی، بیر لە فراوانترکردنی هەرچی زیاتری قەڵەمڕەوەکەی و گەورەترکردنی کوردستانی داهاتوو بکاتەوە.

میرنشینی هەکاری لە ئەنجامی ململانێی نێوان میرەکەی (نوروڵڵا بەگ) و خزمێکی خۆی (سلێمان بەگ) کە میر لە حکومەتی دوورخستبووەوە، دووبەرەکییەکی گەورە بەرۆکی گرتبوو، بەوهۆیەوە بەرەو دارمانی یەکجاری دەڕۆیشت، بەڵام ئەو دووبەرەکییەی دەرباری هەکاری ئاشوورییەکانیشی گرتبووەوە.

گرینگترین کەسایەتیی غەیرەکوردی بندەست و هاوپەیمانی میری هەکاری، مار شیمۆن رابەری دینی و نەتەوەیی هۆزەکانی بەسام و جەنگاوەری ئاشووری بوو کە لە پێدەشتەکانی تیاری لە دۆڵی زێی گەورە و زەنوێرەکانی سەر ڕێگای لق و پۆپەکانی زێدا دەژیان و نیشتمانی هەزاران ساڵەیان بوو. مارشیمۆن لەگەڵ ئەوەی مەسیحی بوو، بەڵام کەسی دووەمی میرنشینی هەکاری بوو، ئەو کاتانەی کە میر بە هەر هۆکارێک لە پایتەخت نەبوایێ، کاروباری میریی رادە پەڕاند، بەڵام وەک باسمان کرد، دووبەرەکیی دەرباری هەکاری، کاریگەری لەسەر ئەوانیش دانابوو، مارشیمۆن پشتی سلێمان بەگی گرت و بەوپێیەش میر نوروڵڵا بەگ داوای هاوکاریی سیاسی و سەربازی لە بەهێزترین دراوسێی کرد بۆ سزادانی ئاشوورییەکان، واتە میر بەدرخان.

میر بەدرخان بۆخۆی هەر بەپێی گێڕانەوەی (ئارشاک سافراستیان Arshak Safrastian– ) مێژوونووسی ئەرمەنی، لەگەڵ ئاشوور و کلدان و ئەرمەنی و نەتەوەکانی تری کە لە قەڵەمڕەوەکەیدا دەژیان، زۆر دادپەروەر بووە و ڕێزی زۆری لێ گرتوون. (ف ـ دیتل) گەریدەی رووسی لە کتێبی (نووسینەکانی سەفەر بۆ ڕۆژهەڵات لە 1842 بۆ 1845، لە بەشی: بەدرخان بەگ و کوردەکان) نووسیویەتی: مەسیحییەکان بە سەربەستی نوێژ و تاعەتی خۆیان دەکرد و شوێنی تایبەتیان هەبوو بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ئایینیی خۆیان، تەنانەت لە جەزیرەی پایتەخت بە هیچ شێوەیەک جیاوازی لە نێوان ئەوان و کورد دانەنراوە. دوو ئەمریکی بە ناوەکانی رایت و برید کە بە داوەتی میر هاتبوونە دەرگۆڵە (یەکێک لە کۆشکەکانی میرنشینی بۆتان لە نزیک جزیرەی پایتەخت)، لە ساڵی 1836 بۆ ماوەی 23 رۆژی تەواو، بە ئیجازەنامەی تایبەتیی دەرباری بۆتان، هەموو کوردستان لە ورمێوە تا دیاربەکر و جزیرە گەڕان، بێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ ڕێگرییەک ببنەوە، ئەوەش بە تەواوی پێچەوانەی ئەو چەتەگەرییە بوو کە لە ئێران و دەوڵەتی عوسمانیدا باو بوو.

مخابن دادپەروەری و نەیتپاکیی میر بەدرخان کە لەسەرەتادا توانیبووی خەڵک لەخۆی ڕازی بکات و تۆوی دووبەرەکی و ململانێ لە نێوان چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستان تا رادەیەک وشک بکات، نەیدەتوانی موعجیزەئاسا و لە چاوتروکانێکدا ناکۆکییەکان و ململانێکانی چینی فیۆدالی کوردستان نەهێڵێ، هەر بۆیە ئەو ناکۆکیانە لە سەروبەندی شەڕی جدی و کۆتایی لەگەڵ هێزەکانی عوسمانی کە لە ساڵی 1844 بێ پچڕان تا هاوینی 1847یان خایاند، سەریان هەڵداوە.

بەڵام ئەمە هەموو چیرۆکەکە نییە و ئەو ناکۆکیانە بە شێوازی تریش تاودرابوون و لە ماوەیەکی کەمدا داوێنی هەموو کوردستانی گرتەوە، ئەویش چاندنی تۆوی سێبەرەکی بوو لەلایەن مسیۆنێرەکانی کەنیسەکانی ئەنگلیکەنی بەریتانی و پرۆتستانتی ئەمریکی.

**• یەکگرتن و دارمان**

ساڵی 1835 مسیۆنێرە پرۆتستانتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا زۆر چالاک بوون و لە مەڵبەندی ژیانی ئەرمەن و ئاشوورییەکاندا قوتابخانە و نەخۆشخانەی بچووکیان دروست دەکرد. مارشیمۆن ئەوەی پێ خۆش نەبوو، چونکە دەیزانی نیەتی خێریان نییە و هاوکات لە پلە و پایەی ئەویش کەم دەکەنەوە لەناو مەسیحییەکاندا.

ساڵی 1830 کە دەبلیو.ف.ئاینزوۆرس Wil-liam Francis Ainsworth ) ) لەلایەن کەنیسەی ئەنگلیکەنەوە دێتە کوردستان، بەگێکی کورد بە شارەزا ئاشوورییەکەی دەڵێت: "پێی بڵێ ئێوەی بیانی هاتوون وڵاتەکەمان داگیر بکەن". هەر واش بوو. ئاینزوۆرس بۆخۆی دەڵێت: "ئەو بایەخدان و پشتگیرییە کوتوپڕ و لەڕادەبەدەرەی وڵاتانی مەسیحی بۆ نەستوورییەکانی کوردستان کە ساڵانێکی درێژ بەبێ کێشە توانیویانە بە سەربەستی ژیان بەسەربەرن، لە پڕدا هەموو سەرنجی کۆمەڵگای موسوڵمانیان چووەتە سەر و ئەوەش بێگومان سەرەتای لەناوچوونیانە.

ساڵی 1842، مسیۆنێرە ئەمریکییەکان لەسەر گردێکی گەورە کە دەیڕوانییە سەر گوندێکی ئاشوورییەکان، بینایەکی بەرزیان دروست کرد. زۆر بەخێرایی دەنگۆ بڵاوبووەوە کە ئەوە قەڵایەکە لە دژی موسوڵمانەکان دروست کراوە، یان بازاڕێکە ئامانجی ئەوەیە ناوەندی کەسابەت لە جۆلەمێرگەوە بگوازێتەوە بۆ ئەوێ.

دەرباری عوسمانییش کە بێ مەیل نەبوو هەم نەستوورییەکان و هەم میرنشینێکی تری کورد لەناو ببات، ئاگرەکەی خۆشتر کرد. ئاڵۆزییەکی لەڕادەبەدەر بەرپا ببوو، دوور نییە دەنگۆی ئەوەیان بڵاوکردبێتەوە کە شەڕی خاچپەرستان دەستپێدەکاتەوە و لەسەر موسوڵمانان واجبە بەرگری لە ئیسلام بکەن (بە دڵنیاییش وەک هەمیشە کورد ببێتە کەواسووری بەر لەشکر و پاشان ئەوان لێی بخۆن)، پێموایە لەبەر ئامانجێکی کاتیی دیاریکراو، گرێبەستێکی نەنووسراو لەنێوان مسیۆنێرەکان و عوسمانیدا هەبووە، چونکە مسیۆنێرەکان هەندێک لە عەشیرەتە مەسیحییەکانیان بە دژی بەدرخانیش دنەدان و باج و خەراجیان بە پایتەخت نەدەدا، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی میر بەدرخان سزایان بدا و سەرکوتیان بکات، ئیتر لێرەوە قۆناغێکی نوێ دەستپێکرد.

پێناچێ میر بەدرخان ئەو پیلانەی بە وردی شەنوکەو کردبێت و لێکیدابێتەوە. کۆمەڵگای تا سەر ئێسقان موسوڵمان بە تەواوی ترسیان لێ نیشتبوو، ئەوەش وای حوکم دەکرد کە میری موسوڵمانان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئیسلام، کاردانەوەی توندی هەبێت.

سزادان و سەرکوتکردن دەستیپێکرد و پیلانەکە سەری گرت، بەریتانیا و فەڕانسە هاتنە دەنگ و دەرباری عوسمانی ویستی لەشکرکێشی بکات، بەڵام ئەوە ئاسان نەبوو، چونکە بەدرخان لەژێر ناوی (پەیمانی پیرۆز) کۆنفیدراسیۆنێکی گەورەی لەگەڵ میرانی هەکاری، موکس و وان، قارس، بتلیس و ئەردەلان پێکهێنابوو، بەو جۆرەش یەکەم لەشکری عوسمانی کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی نێردرابوو، تێکشکا و هەر ئەو ساڵە (1842) سەربەخۆیی ڕاگەیاند و بەناوی خۆیەوە سکەی دراوی دروست کرد.



کۆتاییەکانی ساڵی 1847 و پاش هەوڵێکی زۆر، دەرباری عوسمانی توانیی (یەزدانشێر)ی برازای (بەدرخان) و فەرماندەی میحوەری ڕۆژهەڵاتی لەشکری بۆتان هەڵخڵەتێنێ و ڕێگا بۆ هێزەکانی (سەردار) عوسمان پاشا بکاتەوە. بەدرخان کە بە هێزێکی زۆرەوە چووبوو ورمێ بگرێتەوە، بەپەلە خۆی گەیاندەوە پایتەخت، بەڵام بەو خیانەتەی یەزدانشێر نیوەی هێزەکانی لەدەست دابوو، ناچار لەگەڵ ئەو هێزانەی کە لەگەڵی مابوون، چوونە قەڵای ئێرەخەوە و لەوێ سەنگەریان دابەست. پاش ئابلۆقەیەکی هەشت مانگە، لەبەر نەمانی ئازووقە، لە قەڵا وەدەرکەوتن و هێرشێکی سەختیان بردە سەر سوپای عوسمانی، بەڵام شکستیان خوارد و لەگەڵ بنەماڵەکەی دوور خرانەوە بۆ (ڤارنا) و پاشان دوورگەی (کرێت)، پاش چەند ساڵ ناردیانە دیمەشق و ساڵی 1868 کۆچی دوایی کرد. یەکێک لە هۆکارەکانی پشتبەردانی میر بەدرخان لەلایەن یەزدانشێرەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێیوابوو تەختی پاشایەتیی بۆتان مافی سەیفەدین بەگی باوکی بووە و بەدرخان لێی زەوت کردووە.

**• شۆڕشی گەورەی یەزدانشێر**

پاش دارمانی بۆتان، یەزدانشێر لەلایەن عوسمانییەوە کرایە حاکمی هەکاری، بەڵام لە پێگەی یەزدانشێر لەناو خەڵکدا دەترسان، هەر بۆیە ساڵی 1850 ئەو پلەوپۆستەیان لێ ستاندەوە. شەڕ بۆ داگیرکردنی یەکجارەکیی کوردستان 40 ساڵی خایاند، بەڵام خەبات بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ پاش دارمانی میرنشینەکان کۆتایی نەهات. هەر ئەو یەزدانشێرەی لەبەر ململانێ و بەرژەوەندیی تاکەکەسی بووە هۆی دارمانی دەوڵەتی باب و باپیرانی، چەند ساڵ دواتر شۆڕشێکی گەورە و سەرتاسەریی بەرپا کردەوە.

ساڵی 1853 کاتێک کە عوسمانی لەگەڵ رووسیەی قەیسەری بەشەڕ هات، لەگەڵ ئەوەی سوڵتان فەرمانی جیهادی دەرکردبوو، بەڵام خەڵکی کورد بە هانایەوە نەچوون، لەولاوە داروودەستەی قەیسەریش لەگەڵ ئەوەی پارەیەکی یەکجار زۆریان تەرخان کرد، ئەوانیش نەیانتوانی سەرنجیان ڕابکێشن، یەزدانشێر ئەو هەلەی قۆستەوە بۆ ئەوەی رای گشتیی کوردی پێ رابکێشێ و شۆڕش بەرپا بکاتەوە و کوردستانێکی سەربەخۆ دروست بکات و بۆخۆشی ببێتە پاشا.

ساڵی 1854 چەخماخەی شەڕی لە بتلیسەوە لێدا و بە 20 هەزار جەنگاوەرەوە توانیی ئەو شارە بگرێت. پاش گرتنەوەی بتلیس حاکمە تورکەکەی راونا و حاکمێکی کوردی بۆ دانا، ئینجا هێزی لەبەریەک هەڵوەشاوەی سوپای بۆتان بە سەرکردایەتیی تاڵی بەگ و کوڕەکانی بەدرخان خۆیان ڕێکخستەوە و چوونە ناو سوپای یەزدانشێرەوە و سەرتاسەری باشووری وان و پاشان موسڵیان بەبێ بەرگرییەکی ئەوتۆ گرت. دەستبەسەرداگرتنی بڕێکی زۆر چەک و تەقەمەنی لەو مۆڵگە گرینگەی لەشکری عوسمانی، رێی بۆ خۆش کرد بۆ ئەوەی هێزەکەی بگەیێنێتە 30 هەزار کەس.

ئێزدییەکانی دەوروبەری موسڵیش بە سەرکردایەتیی حسێن بەگ پاش ئەوەی سوپایەکی عوسمانییان تێکشکاند، چوونە ناو سوپای یەزدانشێرەوە و یارمەتیدەرێکی گەورە بوون بۆ ئەوەی بە خێراییەکی لەڕادەبەدەر (سیرت) بگرنەوە کە ناوەندی سەرەکیی ئیداری و سەربازیی عوسمانی بوو لە کوردستان و دوو هێزی تایبەتی کە یەکیان لە بەغدا بوو، بە هاوبەشی دەیانپاراست.

لە ئەنجامدا خاکێکی زۆری لە بەغداوە تا وان و دیاربەکر خستە ژێر رکێفی خۆیەوە، ئەو کارەی یەزدانشێر هیوا و ئومێدێکی زۆری بەخشییە خەڵکی کوردستان، بە جۆرێک کە تەنانەت پیرەپیاوێکی زۆر بە چەکی خۆیانەوە چوونە ناو سوپای یەزدانشێرەوە و هەموو شازادەنشینەکانی کوردستانی لەگەڵ کەوت و ئاشووری و ئەرمەنی و تەنانەت یۆنانییەکانیش هاتنە ناو شۆڕشەوە، بە جۆرێک کە تا کۆتایی هاوینی 1855 ئەژماری جەنگاوەرانی گەیشتبوونە 100 هەزار کەس.

ڕووسەکان وردە وردە پەنایان بردەوە بەر مۆڵگەی زستانەی خۆیان، ئەوەش دەرفەتێکی باش بوو کە بابی عالی سەرنجی زیاتر بخاتە سەر کوردستان، ئینگلیس و فەڕانسە کە لە یەک بەرەدا بەرامبەر رووسیا لە شەڕدا بوون (شەڕی کریمیا)، دژی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بوون، چونکە بەپێی هەڵکەوتەی مێژوویی و جوگرافی دەترسان ببێتە هاوپەیمانی رووسیا. بەریتانیا و دەوڵەتی عوسمانی کە زانیان ناتوانن بە شەڕ بەرەنگاری یەزدانشێر ببنەوە، دەستیان کرد بە دارشتنی پیلان. لە کۆتایی ساڵی 1855بەریتانیا نوێنەری خۆی (نەمرود رەسام)ی لە مووسڵەوە نارده لای یەزدانشێر و داوای لێکرد قبووڵی بکات لە نێوان ئەو و عوسمانیدا نێوەندگیری بکات. سەرەتا رازی نەبوو، بەڵام پاش چەند رۆژ هەوڵەکانی وەگەڕخستنەوە و گفتی پێدا کە سەربەخۆیی کوردستان بە نێوەندگیریی راستەوخۆی بەریتانیا و لەڕێی دانوستاندن لەگەڵ عوسمانی چارەسەر بکرێت، لە هەمان کاتدا بە نهێنی و بە هەدیە و پارەیەکی یەکجار زۆرەوە، تەماحی وەبەر سەرۆک عەشیرەتەکان نا و رازیی کردن کە چیتر شەڕ بۆ یەزدانشێر نەکەن.

یەزدانشێر لە شەڕدا پیاوێکی زۆر دلێر و بێباک و فەرماندەیەکی لێهاتوو بوو، بەڵام لە سیاسەتدا ئەزموونێکی وای نەبوو، هەر بۆیە دیسانەوە هەڵخڵەتاوە و بڕوای بە بەریتانیا کرد. بەتایبەتی کە نامەیەکی بۆ دەرباری رووسیا نووسیبوو و داوای یارمەتیی کردبوو و هیچ وەڵامێکی وەرنەگرتبووەوە. هەروەها بەپێی ئەزموونی سەربەخۆیی یۆنان کە 1830 بە پشتگیریی وڵاتە ئەوروپییەکان دەستەبەر کرا، گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ بەبێ پشتیوانیی لانیکەم دوو وڵاتی ئەوروپی دەستەبەر نابێت، هەر بۆیە لەگەڵ رەسام و لەژێر چەتری پشتیوانیی بەریتانیا بە نیەتی دانوستاندن بەرەو دەرباری عوسمانی وەڕێکەوت. بەڵام هەر پاش گەیشتنی بە ئەستەنبوڵ دەستبەجێ گیرا و خرایە بەندیخانەوە، هێزەکانیشی پاش ماوەیەک سەرگەردانی لە کێوەکانی کوردستاندا، لەبەر یەک هەڵوەشانەوە.

شۆڕشی یەزدانشێر لە مێژووی کوردستاندا شانازیی ئەوەی پێبەخشراوە کە کوردستانی لە قۆناغی جوداییخوازیی فیۆدالییەوە گواستەوە بۆ جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی.

**• دوا برگە**

کارێکی گرینگ و بنەڕەتی کە دەبێ بیکەین خوێندنەوەی مێژووە. خوێندنەوەی مێژووی خۆت و جیهان زۆر گرینگە و لە حیساباتی سیاسی و دیپلۆماتیکدا دەرگای زۆر بەرووی سیاسەتوانادا دەکاتەوە، هاوکات ناهێڵێ مێژوو دووبارە ببێتەوە، کە بە داخەوە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت زۆربەی هەرە زۆری کادر و ئەندامانی حیزبەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و زۆربەی سیاسەتمەدار و فەرماندە سەربازییەکان، مێژووی جیهان لێگەڕێ، شارەزای مێژووی کوردستانیش نین، ئەگەر هەشیانبێت شارەزای مێژووی هاوچەرخن و بە عەقڵیەتێکی خێڵەکییانەوە ئاوڕی لێ دەدەنەوە و تەنیا کای کۆنی پێ بەبا دەکەن.

ئەگەر یەزدانشێر شارەزای مێژوو بوایە خوێندنەوەی ئەو حاڵەتەی دەکرد کە حیسابی یۆنان و کوردستان بۆ ئەوروپییەکان جیاوازە. یۆنان بێجگە لەوەی بەشێک بوو لە ئەوروپای مەسیحی، هاوکات یەکێک بووە لە گەورەترین لانکەکانی شارستانیەت و ئەدەب و هونەر و فەلسەفەی ئەوروپا و جیهان، کە لێرەدا دەبێ سەرباری مێژوو، لە گرینگیی لەڕادەبەدەری ئەدەب و هونەر و فەلسەفەش تێبگەین. پاشان لەهەر حاڵەتێکدا، پێت خۆش بێ یان نا، تۆ بەشێکی لە جیهانی ئیسلام و سەرکەوتن و فتوحاتی سوپای ئیسلامت لەسەر حیسابە، ئیسلامێک کە بە پێشەنگیی عوسمانی ئەوروپای کردە گۆمی خوێن. ئەگەر ئەوەشی لەبیرچووبوو خۆ هەر 10 ساڵ لەوەپێش، میر بەدرخان هەر بە فیتنە و پیلانی خودی بەریتانیا و ئەمریکا مەسیحییەکانی قەتڵوعام کرد.

لە کۆتاییدا، دارمانی بۆتان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئەگەر سەرکردایەتیی سیاسیی کورد هاوپەیمانیی گەورەش دروست بکەن بە کردنەوەی جۆرەها بەرەی مەزهەبی و تایفی لە ناوخۆی وڵاتەکەتدا بەرەنگارت دەبنەوە، ئەو کارەی بە درێژایی مێژوو پێیان کردووین، بە قەولی پێشینان (هەم لە نالیان داوە و هەم لە بزمار).

**سەرچاوەکان:**

1– میر شەرەفخانی بتلیسی ، شەرەفنامە (مێژووی ماڵە میرانی کوردستان)، وەرگێڕانی بۆ کوردی: مامۆستا هەژار/ دەزگای ئاراس، چاپی سێیەم، 2006، هەولێر.
2– د. سادق شەرەفکەندی، کورتە مێژوویەکی بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی کوردستان، لە سەدەی نۆزدەیەمەوە تا کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی / لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چاپی دووەم 2013، هەولێر. لاپەڕەکانی 26 تا 33.
3– دەیڤید مەک دواڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی بۆ فارسی: برایم خانی یونسی/ دەزگای پانیز، چاپی یەکەم: 2002، تاران، لاپەڕەکانی: 105 تا 109.
4– لازاریف، محۆی، واسیلییەوا، حەسرەتیان، ژیگالینا، مێژووی کوردستان، وەرگێڕانی بۆ فارسی: مەنسوور سدقی، کامەران ئەمین ئاوە/ دەزگای فرووغ، چاپی یەکەم: بەهاری 2007، لاپەڕەکانی 121– 122.



# ئەو منەی تری من

◄ **گابریێل گارسیا مارکیز**

◄ **وەرگێڕانی: مەریوان هەڵەبجەیی**

ماوەیەک لەمەوبەر لە مەکسیک لەناو پێخەفەکەمدا خەبەرم بووەوە، لە ڕۆژنامەیەکدا خوێندمەوە کە ڕۆژی پێشتر لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لەبارەی ئەدەبیاتەوە لە شاری (لاس پاڵماس)ی دوورگەی کەناری، لەوبەری ئۆقیانووسەوە بەشداریم کردووە! پەیامنێرەکە نەک تەنیا وردەکاریی مەراسیمەکەی شی کردبووەوە و باسی کردبوو، بەڵکو زۆر ستایشی خودی منیشی کردبوو. بەهەرحاڵ ئەوەی کە زۆر بووە مایەی شانازیم ئەوەیە، قسەکانی من لەو کۆبوونەوەیەدا زۆر باشتر بوو لەوەی کە ڕەنگە (خۆم لەمێشکمدا بووبێت). من توانایەکی ئاوهام نییە. تەنیا هەڵە لەوەدایە کە پێم نەخستووەتە لاس پاڵماس. نە ڕۆژی پێشوو، نە لە ماوەی بیست و دوو ساڵی ڕابردووشدا. هەرگیزیش لە هیچ شوێنێکی دنیادا کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیم نەگرتووە.

زۆرجار ڕوودەدات، ئامادەبوونی من لە هەندێک جێگادا ڕادەگەیەنن کە لەوێ نەبووم. چەندین جار گوتوومە لە مەراسیمی گشتیدا بەشداری ناکەم، کۆنفرانس ناگرم، لە تەلەفزیۆندا خۆم نیشان نادەم و هەروەها بۆ پروپاگەندەکردن مەراسیم بۆ کتێبەکانیشم ناگرم. لە هیچ جۆرە مەراسیمێکدا کە ئەگەری ئەوە هەیە خۆم نمایش بکەم، ئامادە نابم. ئەمەش لەڕووی لەخۆبوردوویی و خاکیبوونەوە نییە، لەبەر خاتری شتێکە لەوەش خراپترە: شەرمنییە. زۆریش کێشە نییە بۆم، چونکە لەپاش چل ساڵ فێر بووم، کاتێک دەڵێم نەخێر واتە نەخێر. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێدەزانم و ئاگادار دەبم ڕیکلامکارێکی قاچاخچی بە بڵاوکراوەکان ڕادەگەیەنێت و ئاگاداریان دەکات کە سێشەممەی ئایندە لە کاتژمێر شەشی پاشنیوەڕۆ لە فلان کۆبوونەوەی فەرمی ئامادە دەبم، کۆبوونەوەیەک کە ڕۆحیشم ئاگای لێی نییە. لەساتی دیاریکراودا کەسی ڕیکلامکار داوای لێبوردن لە هەموو ئامادەبووان دەکات. لەبری نووسەر داوای لێبوردن دەکات کە بەڵێنی داوە بێت و نەهاتووە. کەمێک ترش و خوێشی پێوە دەکات و دەڵێت چۆن چۆنی کوڕی تەلەگرافچییەک هەرکە ناوبانگ پەیدا دەکات، تەواو خۆی لێدەگۆڕێت و ئیتر کەس ناتوانێت ڕێگای لێبگرێت . بەم شێوەیە دڵسۆزیی هەموو ئامادەبووان بۆخۆی ڕادەکێشێت و بە شێوازی خۆی خراپ کەڵک لەو پرسە وەردەگرێت. لەسەرەتای ئەم ژیانە هونەرمەندانەیەدا بە دیتنی ئەم جۆرە پرسانە هەستم دەکرد خەریکە گورچیلەم دەبڕێت. بەڵام لەگەڵ خوێندنەوەی بیرەوەرییەکانی (گراهام گرین) کەمێک ئاسوودە بووم. لە دوا فەسڵدا ڕێک گلەیی لەم جۆرە شتانە دەکات. منی تێگەیاند کە چارەیەک نییە. خەتای کەس نییە، چونکە (من)ێکی تر هەیە کە ئازادانە بە جیهاندا دەگەڕێت بەبێ ئەوەی کەسێک کۆنترۆڵی بکات. هەموو ئەو کار و کردارانە دەکات کە خودی خۆت ویستووتە بیکەیت بەڵام بوێریی ئەوەت نەبووە. سەیرترینی ئەم پرسە بۆ من کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیی دوورگەی کەناری نییە، بەڵکو ئەو ساتە ترسناکانە بوو کە چەند ساڵێک لەمەوپێش لەگەڵ کۆمپانیای فڕۆکەوانیی (ئێرفرانس) ڕوویدا. ئەویش لەبەر ئەو نامەیەی کە هەرگیز نەمنوسیبوو. لەڕاستیدا ئێرفرانس نامەیەکی پڕ لە سکاڵا و گلەیی و نارەزایی بە ئیمزای منەوە پێگەیشتبوو. زۆر بە توندی هێرشم کردبووە سەریان کە لەماوەی فڕیندا لە مەدریدەوە بۆ پاریس (بە نووسینی ڕێکەوتەوە) چەندە خراپ لەگەڵ مندا ڕەفتاریان کردووە. لەپاش لێکۆڵینەوەی پێویست خەتاکەیان خستە سەر خزمەتگوزاریی ناو فڕۆکەکە و لەبەشی پەیوەندییە گشتییەکانی کۆمپانیاکەوە نامەیەکی زۆر بە ئەدەبانەیان بۆ ناردم و زۆر جەختیان کردبووەوە لەسەر داوای لێبوردنیان لە من. مات و حەپەسابووم، چونکە هەرگیز سواری ئەو فرۆکەیە نەبووبووم. یان باشترە بڵێم هەمیشە هێندە لە فرۆکە دەترسێم کە ئیدی ئاگام لێ نییە چۆن ڕەفتارم لەگەڵدا دەکەن. بە هەموو توانای خۆم دەنووسێم بە کورسییەکەوە. بۆ ئەوەی یارمەتی فرۆکەکە بدەم خۆی بە ئاسمانەوە ڕابگرێت. یان نیگەرانی ئەوەم کە منداڵەکان هێندە لە ڕاڕەوی فرۆکەکەدا هەڵبەز دابەز نەکەن نەبا بنی فرۆکەکە لێببێتەوە. تەنیا پرسێکی ناخۆش کە دێتەوە بیرم فرینێک بوو لە نیویۆرکەوە لە فرۆکەیەکی قەرەباڵغ و پڕ لە سەرنشیندا، شوێن نەمابوو بۆ هەناسەدان. لە ناوەڕاستی ڕێگادا خزمەتگوزاری فرۆکەکە گوڵێکی سووری دەدایە هەر سەرنشینێک. هێندە ترسابووم بێ ویستی خۆم پێمگوت: "لەبری ئەوەی گوڵی سوورمان بدەیتێ، باشترە پێنج سانتیمەتر جێگا بۆ ئەژنۆمان بکەیتەوە". خزمەتگوزارەکە کە کچێکی جوان و بە ئەسڵ و نەسەب و لە کەسانی سەرکەوتوو بوو، بێباکانە وەڵامی دامەوە: "ئەگەر بەمجۆرە ڕازی نیت، باشترە دابەزیت".

دیارە بەهیچ شێوەیەک بیرم لەوە نەکردبووەوە نامەیەکی نارەزایی بۆ ئەو کۆمپانیا فرۆکەوانییە بنووسم کە تەنانەت نامەوێت ناوەکەشی بەبیر بهێنمەوە. دەستم کرد بە خواردنی گوڵە سوورەکە، گەڵای گوڵەکەم دانە دانە دەخستە دەمم و دەمجوی. دەڵێن بۆ شێوان و تێکچوونی دۆخی دەروونی باشە. دواجار توانیم هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵکێشم. لەئەنجامدا کاتێک نامەی داوای لێبوردنم لەلایەن کۆمپانیای فرۆکەوانی فەرەنسییەوە پێگەیشت، زۆر شەرمەزار بووم لەبەر ئەو کردارەی کە نەمکردبوو. تا ئەو ڕادەیەی کە ڕۆیشتم بۆ نووسینگەکەیان بۆ ئەوەی پرسەکەیان بۆ ڕوون بکەمەوە. لەوێ نامەی نارەزاییەکەیان نیشاندام. نەمتوانی ئینکاری بکەم نەک تەنیا لەبەر شێوازی نووسینەکەی، بەڵکو دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئیمزا ساختەکەش ئەستەم بوو.

ئەو پیاوەی کە نامەکەی نووسیوە، بێگومان هەمان ئەو پیاوەی کۆنفرانسی دوورگەی کەنارییە. هەمان ئەو کەسەی کە بەردەوام کردارێک لەلایەن منەوە بە ناوی منەوە ئەنجام دەدات کە هەندێکیان بە ڕێکەوت بەرگوێم دەکەونەوە. زۆربەی جار ئەو کاتەی کە دەڕۆم بۆ ماڵی هاوڕێکانم، لە کتێبخانەکانیاندا بەبێ گوێپێدان بە دوای کتێبەکانی خۆمدا دەگەڕێم و بێ ئەوەی کەس ئاگای لێبێت، شتێک بە ناونیشانی (پێشکەش) دەنووسم. بەڵام لە دوو جار زیاتر بەرچاوم کەوتووە و دۆزیومەتەوە کە کتێبەکان پێشتر پێشکەش و ئیمزا کراون، ڕێک بە دەستوخەتی خۆم. هەر بەو مەرەکەبە ڕەشەی کە هەمیشە پێی دەنووسم و بەهەمان شێوازی عەجولانە و بە ئیمزایەکی ڕێک وەک ئیمزای خۆم.

مات و حەپەساو لە جێگاکەی خۆمدا ماومەتەوە و تێدا ماوم. کە لە هەندێک لە ڕۆژنامە زۆر خراپەکاندا، گفتوگۆیەکی خۆم دەخوێنمەوە کە هەرگیز ئەنجامم نەداوە، نابێت ڕاستی نەڵێم، گفتوگۆیەکە هەر دێرێکی هاوڕایە لەگەڵ بیروبۆچوونی مندا. باشترین گفتوگۆی من نەک تەنیا لە بارەی ژیانی تایبەتی و ئەدەبیاتەوە، بەڵکو بەهەمانشێوە لەبارەی بیروباوەڕی سیاسی من و سەلیقەی تاکە کەسیمەوە، ساڵی ڕابردوو لە گۆڤارێکدا کە زۆریش بەناوبانگ نەبوو، لە شاری کاراکاس چاپ کرا. لە دێڕی یەکەمەوە تا کۆتاییەکەی تەزویرە. بەڵام زۆر بووە هۆی خۆشحاڵیم، چونکە زۆر ڕاستەقینە دەهاتە پێش چاو، ژنێک گفتوگۆکەی ئەنجام دابوو، نەمدەناسی، ناوی تەواوی خۆی و ناوی خێزانیشی لەلای سەرووی گفتوگۆکەوە نووسرابوو، ئەو ژنەی بەدڵنیاییەوە زۆر منی خۆشدەوێت کە بەو جۆرە بە باشی هەموو شتێکی دەزانی. تەنانەت ئەگەر لە ڕێگەی ئەو منەی تری منیشەوە بێت.شتێک لە شێوەی ئەویش لەو سەفەرانەی کە بەدەوری دنیادا دەیکەم، ڕوودەدات بۆم. ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کەسانێکی میهرەبان و باشدا. هەمیشە کەسانێک هەبوون لە جێگایەکدا دیداریان لەگەڵ من کردووە کە هەرگیز پێم نەخستووەتە ئەو جێگایە. بەڵام ئەوان بیرەوەری جوانیان لەبارەی ئەو دیدارەوە لەبیرە، یان ئەوەی کە بۆ نموونە هاوڕێی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی منن کە لە ڕاستیدا ئەوان ناناسێت ، چونکە وا دیارە ئەو منەی تریش خێزانێکی هەیە کە وەکو خێزانەکەی خودی من ژمارەی کەسەکانی بێ ژمارەن. کەسەکانی ئەو خێزانەی تریش ڕاستەقینە نین، بەڵام ڕێک وەک کۆپی کەسەکانی خێزانەکەی منن.

لە مەکسیکۆ سیتی زۆرجار پیاوێک دەبینم بەردەوام بۆم دەگێڕێتەوە کە لە کەنار شاری ئەکاپۆلکۆ لەگەڵ ئومبەرتۆی برامدا زۆر خۆشی بەسەر بردووە، دوایین جار کە ئەوم دیت، زۆر سوپاسی کردم لەبەر ئەو لوتفەی کە لە ڕێگەی براکەمەوە لەبەرانبەر ئەودا کردبووم. منیش چارەم نەبوو لە وەڵامدا گوتم: "ڕێزت هەیە. شتێکی ئەوتۆم نەکردووە"! نەمدەوێرا بڵێم من برایەکم نییە ناوی ئومبەرتۆ بێت و لە شاری ئەکاپۆلکۆ بژی. نزیکەی سێ ساڵ لەمەوپێش لە ماڵی خۆم لە مەکسیک تازە نانی نیوەڕۆم تەواو کردبوو کەسێک لە دەرگای دا. یەکێک لە کوڕەکانم کە خەریک بوو لە پێکەنیندا ڕیخۆڵەی دەپچڕا، هات و گوتی: "بابە، خۆت هاتووی بۆ دیتنی خۆت".

لەسەر کورسییەکە هەستام، زۆر ورووژابووم. بیرم دەکردەوە: "ئاه، دواجار دەرکەوت"! بەڵام ئەو نەبوو. بەڵکو لاوێکی مەکسیکی بوو، ئەندازیاری بیناسازی بوو، ناوی گابریێل گارسیا مارکیز بوو، پیاوێکی زۆر ڕێکوپێک و ئارام بە سەبرێکی زۆرەوە دەرئەنجامی ئەو ناوەی خۆی کە لەدەفتەری تەلەفۆنی شاردا بوو، تەحەمول کردبوو. دواجار لەپاش دۆزینەوەی ناونیشانی ماڵەکەم، بەهۆی لوتفیەوە هەموو ئەو نامانەی کە بەناوی منەوە و بۆ من نێردرابوو بۆ فەرمانگەکەی ئەو و لە ماوەی چەندین ساڵدا لەوێ کەڵەکە بووبوون، هێنابووی بۆم.

ماوەیەک لەمەوبەر کەسێک کە لەڕێگاکەی خۆیدا و لە مەکسیکۆ سیتی وەستابوو، ژمارە تەلەفۆنی منی لە دەفتەرێکی بچووکی تەلەفۆندا دۆزیبووەوە. لە وەڵامدا پێیان گوتبوو کە ئێمە هەموومان چووین بۆ نەخۆشخانە چونکە خانمم منداڵی بووە و کچێکی جوانی بووە، واتە ڕێک ئەو شتەی کە هەمیشە ئارەزووم بووە! ڕاستییەکەی ئەوەبوو کە هاوسەری ئەو ئەندازیارە بیناسازە دەستە گوڵە سوورەکەی وەرگرت کە مافی تەواوی ئەو بوو، بۆ پیرۆزبایی لە لەدایکبوونی کچێکی تازە لەدایکبوو خەونم بووە و هەرگیز نەبوومەتە خاوەنی. نەخێر، ئەو ئەندازیارە بیناسازە لاوەش ئەو منەی تری من نەبوو. ئەو پیاوێکی گەنج و بەڕێز بوو کە پەیوەندی بەم پرسانەوە نەبوو. ئەو منەی تری من هەرگیز نایەت بۆ دیداری من، چونکە ناونیشانی من نازانێت. نازانێت من شێوەم چۆنە. ڕەنگە تەنانەت نەتوانێت مەزەندەی بکات کە هێندە جیاوازیمان هەیە. ئەو هێشتا درێژە بە ژیانی خەیاڵیی خۆی دەدات. بە کەشتی گەشتیاری تایبەتی، لە کۆشکە ئیمپراتۆریەکاندا بە حەوزی حەمامی پڕ لە شەمپانیا و لە ئەفسانەی ژیانی مندا، درێژە بەژیانی خۆی دەدات، دەوڵەمەند تا بینە قاقای، گەنج و قۆز و هەمیشە بەختەوەر، تەنانەت لە کاتی گریانیشدا. هەر لەو کاتەدا من لەبەردەم ئامێری تایپەکەی خۆمدا پیر دەبم، بەبێ ئازاری ویژدان، نامۆ بە ورێنەکانی ئەو. هەموو شەوێک هاوڕێ هەمیشەییەکانی خۆم دەبینم بۆ ئەوەی پێکەوە پەرداخێک بنۆشین و بۆ بۆنی (گوئایابا)* دڵتەنگی خۆمان ڕابگەیەنین.

ئەوەی کە بەویژدانانە نییە، ئەوەیە کە ئەو منەی تر خراپ کەڵک وەردەگرێت لە ناوبانگی من و خودی منیش بە هیچ شێوەیەک بایەخی پێنادەم و تەنیا درێژە بەژیانم دەدەم. هەر ئەم (ژیان) ە بەسە بۆم.

**17ی شوباتی 1982**

